کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:07 19-9-2007

**نەخۆشی کۆلێراو شەونخونی دکتۆر زریان. ... هاوری رواندزی.**

دوای ئەوەی لەدەزگاکانی راگەیاندن گوێبیستی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا بووین لەترسی ئەو پەتایە کوشندەیەدا زیاتر لەجاران ئاگاداری تەندروستی خۆمان بووین وکەوتینە ژێر رێنمایەکانی وەزارتی تەندروستی تا خۆمان بپارێزین لەو پەتا کوشندەیە، ئەو پەتایە وەنەبی یەکەمین جار بی رووی لەئێمە کردبی، بەڵکو لەساڵانی پێشوتریش رووی تێکردووین بەڵام بەم شێوەیە باس نەکراوو هۆیەکانی راگەیاندن لێئاگادار نەبوون.



نەخۆشی کۆلێرا نەخۆشیەکی کوشندەیە بۆیە لەکاتی بڵاوبونەوەی پێویستە خەڵك پێیبزان و لێیئاگاداربن. ئەم جارەیان جیا لەجارانی پێشوو کەروی تێکردین راستەوخۆ دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی لەدەزگاکانی راگەیاند رایگەیاند و وشیاری خەڵکی کردەوە بەوەی چۆن لەو نەخۆشیە خۆیان بپارێزن و بەجدی کەوتەخۆ بۆ زیاتر تەشەنەکردنی و چارەسەرکردنی توشبووان . سەرەتا ئەو نەخۆشیە لەشاری کەرکوك بڵاوبۆوە دواتر سلێمانی ناوچەکانی تریش گرتەوە تاگەیشتە هەولێر، لەو رۆژەوەی کۆلێرا بڵاوبۆوە جەنابی وەزیری تەندروستی خۆی راستەوخۆ سەردانی شوێنەکانی دەکرد، ئەوەی پێویست بایە بۆ نەهێشتنی ئەو نەخۆشیە ئەنجامی دەدا و لەدەزگاکانی راگەیاندنیش رۆژانە ئەوەمان بەچاوی خۆمان بینی کەدکتۆریك جگە لەوەی پیشەی دکتۆرە لەهەمان کاتیشدا وەزیری تەندروستی یە بەمشێوەیە هەستی دەکرد مسئولیەتێکی گەورەی لەسەر شانە چەند بەدڵسۆزی کاری کرد بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو پەتایە کەتائاستیك ئەو نەخۆشیە بەرەو نەمان دەچێت.

ئەوەی من مەبەستمە لەو نوسینەمدا خودی دکتۆر (زریان) ە کەوەك وەزیری تەندروستی ئاماژەی پێبکەم کەچ دەورێکی هەبوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا چۆن رۆژانە سەردانی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی دەکرد بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەو نەخۆشیەو نەهیشتنی بەزۆترین کات، لێرەدا شەونخونی دکتۆر زریان بەدیار کەوت کەوەك پێشمەرگەیەك چون دەگەڕاو کاری دەکردو چۆن دڵسۆزی خۆی دووبارە نیشانداوە وەك ئەوەی لەکیمیابارانەکەی بالیسان ئەنجامی دا. ئەوەی دووبارە دڵخۆشی کردم ئەو دانیشتنەی ئەو رۆژەی پەرلەمانی کوردستان بوو کەسازکرابوو سەبارەت بەنەخۆشی کۆلێرا وەزیری تەندروستیش ئامادەبوو دوای ئەوەی بۆ پەرلەمانتارانی شی کردەوە لەبارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشیەو رێگەگرتن لەتەشەنەنەکردنی، پەرلەمانتاران کارەکانی دکتۆر (زریان) یان زۆر بەباشی لەقەلەم داو دەستخۆشیشیان لێکرد بەرامبەر بەو شەونخونیەی کەئەنجامی دا بۆ کۆتایی هاتن بەو نەخۆشیە. لیرەدا دەبێت زۆر سوپاسی دکتۆرە نەعیمە قەسیر لەرێکخراوی تەندروستی جیهانی بکەین کەلەیەکەم رۆژەوە کاری کرد بۆ نەهیشتنی نەخۆشی کۆلێرا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێگومان ئەگەر هەر پێشهات و کارەساتێك ڕووبەرووی میللەتەکەمان بۆوە پێویستە لێپرسراوان وەك وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لەئاست کێشەو داخوازیەکانی خەڵکدا پێشمەرگانە هەڵسوکەوت بکات و لەپست مێز بیتە دەری و کوچەو کۆلان و دەزگا خزمەتگوزاریەکان بەسەر بکاتەوە و دەست بەسەر نێوچەوانی نەخۆشەکاندا بهێن و سوربی لەسەر کارو لێپرسراویەتەکەی، ئەو لێپرسراویەتیەی کەهی میللەت و خەڵکەو بۆ خزمەتی ئەوانەوە پێسپَردراوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.